# بەیاننامەی( سەنتەری هۆشیاری تاك )سەبارەت بە دەرچوونی بریاری دادگای کردنی سەرانی ئەنفاڵ

**( تاوان کۆندەبێت بەڵام لەبیرناکرێت )**

**خەڵکی سەربەرزی کوردستان،کەس و کاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان ،مرۆڤ دۆستان دیارە لای هەموومان ڕوون ئاشکرایە کە گەلی کوردستان بەدرێژیی مێژوو شۆڕشی لەپێناوی وەدەست هێنانی مافەڕەواکانیدا کردووەو هەمیشە ئاشتی وبرایەتی بەیەکەوەژیان و یەکتر قبوڵکردن و بەیەکسانی بونن تاکە هیواو ئاواتی ئەم گەلە زوڵم لێکراوەبووە، بۆیە دوژمنانی کوردو دیموکراسی ومافەکانی مرۆڤ توند تیژی وبەکارهێنانی ئاگرو ئاسن و زوڵم و ستەم و ڕەشەکوشی یان دەرهەق بەخەڵکی کوردستان کردووە هەرجارەو لەژێر ناوێك و بە برو بیانوێکەوە،بەڵام ئێمە هەمیشە بەباوڕو موتمانە بەخۆبوونەوە کارمان لەپێناوەی گەیشتن بەئامانجەکان و کۆششکردن بۆ وەدیهێنانای مافەسەرتایەکانی ژیان و هێنانەکایەی چەمکی دیموکراسی و یەسکانی کردووە،بۆیە دەڵێن هەرچەندە تاوان دژ بەمرۆڤ کۆندەبێت بەڵام هەرگیز لەبیرناچێتەوە،ئەمەش بەیاساو داگایێکی عادیلانە دور لەهیچ هەڵچوون و تۆڵەسەندەوەیێك بۆمان دیاری دەکات، کەخۆی لە داگایکردنی سەدام و سەرانی بەعس دا ئەبینێتەوە، دیارە رۆژی 24\6 یەکێکە لەڕۆژەمێژوویەکانی گەلانی عیراق و کوردستان بەتایبەتی کە دواین دانیشتنی دادگایکردنی تاوانبارانی ئەنفال و کیمیابانە لەسەرووی هەمووشیانەوەعلی حسن مجید ناسراو بە علی کیمیاوی ، پێمانوایە بەمە دڵی دایکی شەهیدان و کەس و کاری ئەنفالکراوەکان ئاوئەخواتەوە و ئیتر دەتوانن لەمەو دوا بەئارامی بخەوون ،هیوادارین ئەم داگدایکرنە ببێتە نمونەیێك بۆهەموو ئەو تاوانبارانەی کە دەستان لەخوێنی هەرمرۆڤێك و لەهەر شوێنێکداهەبێت.داوا دەکەین لە بەرپرسانی حکومەتی عیراق و کوردستان دەکەین قرەبووی زیاتری کەس و کاری ئەنفالەکان بکەن وە بروانامەی رێزلێنان و نەتەوەییان پێبدەن بۆ ئەوەی ببێتە دیکۆمێتێکی نەتەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو**

(سەنتەری هۆشیاری تاك)

2007\6\24